


## وتەی ئەمجارەمان

منداڵەخۆشەویستەکان!ئەم کاتەتان باش.

ئەوا ئەمساڵیش ساڵی خوێندن بەرەو کۆتایی دەڕوات و کاتی تاقیکردنەوەکان نزیک دەبێتەوە. کاتێک ئەم ژمارەیەی دنیای منداڵان دەگاتە دەست ئێوەی خۆشەویست تەنیا چەند رۆژێکی دەمێنێ بۆ تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ لە هەموو قوتابخانەکاندا.

من دڵنیام کە ئێوە قوتابیە ئازیزەکان زۆربەتان لەماوەی ئەم ساڵ دا بەشێوەیەکی رێک و پێک لە قوتابخانە ئامادە بوون و بە جوانی لە ناو پۆلەکان دا گوێتان بۆ مامۆستاکان راگرتوە، بۆیە ترسێکتان لە تاقیکردنەوەکان نیەو بە بێترس و دڵەڕاوکێ لە کاتی تاقیکردنەوەکان لە نێو پۆل دا ئامادە دەبن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا رەنگە کەسانێک هەبن کە بە هۆی جۆراوجۆر نەیانتوانیبێ بە تەواوی لە قوتابخانە ئامادە بن و لە دەرسەکانیان دوا کەوتبن یا لەتاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ و مانگانەدا نومرەی کەمیان وەرگرتبێت و پێویستە لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دا ئەو نومرە کەمانەش پربکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن ساڵی داهاتوو لە پۆلێکی سەرتر دا دەرس بخوێنن.

قوتابیە خۆشەویستەکان!

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لەم ماوەیەدا کە تاقیکردنەوەکان دەست پێدەکەن زیاتر لە جاران خۆتان ماندوو بکەن و بە دانانی بەرنامەی گونجاو بەرەو پیری تاقیکردنەوەکان بچن. بە دایک و باوک وگەورەکانتان بڵێن کە لەم ماوەیەدا واز لە سەفەر و سەردان و سەیران بێنن و زیاتر پشتیوان و هاندەری ئێوە بن بۆ دەرس خوێندن. بۆ خۆ شتا ن واز لە یاریی نێو کۆڵان و کایەکردن بە کامپیوتێر و ئاتاری و سەیر کردنی زیاد لە رادەی تەلەفزیۆن بێنن، بۆ ئەوەی لە تاقیکردنەوەکان دا سەرکەوتووبن و ساڵی داهاتوو لە پۆلێکی سەرتر دا دەرس بخوێنن و هەروەها بتوانن لە پشوی هاوینیش بە دڵی خۆتان و بەشێوەیەکی باش کەڵک وەربگرن.

منداڵە ئازیزەکان!

ئێمە ستافی بەڕێوەبەری ناوەندی منداڵپارێزی رۆژهەڵاتی کوردستان و ستافی دنیای منداڵان بە دڵ ئاواتە خوازین کە هەموو قوتابیان و خوێندکاران لەدەرسەکانیان دا سەرکەوتووبن، ساڵ لە دوای ساڵ پلەی بەرزی خوێندن بە دەست بێنن و بتوانن لە داهاتوو دا خزمەت بە گەل و نیشتمان بکەن.






## جەلال مەلەکشا

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٣٣٠ هەتاوی لە گوندی " مەلەکشا" ی سەر بە شاری سنە لە دایک بووە. هەر لە شاری سنە تا رادەی دیپلۆمی ئەدەبی دەرسی خوێندوە. جەلال هەر لە مێرمنداڵییەوە دەستی بە نووسینی شێعر و پەخشان کردوە و سەرەتا نووسراوەکانی بە زمانی فارسی بووە.

لە دوا ساڵەکانی دەیەی چلی هە تا و ییە و ە بە ر هە مە شێعرییەکانی لە گۆڤار و بلاڤۆکە فارسییەکاندا بلاو بووەتەوە. هەر لەو ساڵانەدا بە هۆی چالاکیی سیاسی دژی رێژیمی پاشایەتی چەند ساڵ زیندانی کراوە. ژیانی جەلال مەلەکشا پڕ لە ئازار و رەنج و دەرد بووە و زۆربەی ژیانی بە تاڵی و ناخۆشی رابواردوە و زۆر لە شێعرەکانی بەرهەمی گۆشەی زیندانەکانە. لە بەستێنی ئەدەبیاتی فارسیدا سەرکەوتنی باشی وەدەست هێناوە و هەر چەند هیچ کتێبێکی بە زمانی فارسی بلاو نەکردۆتەوە بەڵام بووە بە ئەندامی "کانوونی نووسەرانی ئێران". دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەرەو ئەدەبیاتی کوردی گەڕاوەتەوە و لە ماوەی چەند ساڵ چالاکی لە بەستێنی ئەدەبی کوردیدا وەک شاعیر و نووسەرێکی لێهاتووی کورد ناو و ناوبانگی دەرکردوە. زۆربەی بەرهەمە کوردییەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بلاو کردۆتەوە.

ماوەی ١٤ ساڵ وەک نووسەر ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری " سروە" و کارمەندی ناوەندی سەلاحەدین ئەییووبی بووە و سەرپەرستیی بەشە ئەدەبییەکانی گۆڤاری سروەی لەئەستۆ بووە. ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری «پرشنگ» لە شاری هەولێر بووە. زۆرلە شێعرەکانی جەلال بە زمانەکانی ئینگلیسی، فەرەنسی، رووسی و عەرەبی وەرگێڕدراونەوە.

جەلال مەلەکشا دوای ئەوەی چەند ساڵ لە باشووری کوردستان گیرسایەوە، ئێستا دووبارە لە شاری سنە نیشتەجێ بۆتەوە. ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی بەشێک لە شێعرەکانی جەلال لە کتێبێکدا بە ناوی "زرەی زەنجیری وشە دیلەکان" چاپو بلاو بۆوە.

### ئاواتێک

**ئاخۆ دەبێ**

**ئەو رۆژە بێ**

**کاوەی کورم**

**جانتای سەفەر کاتە شانی؟**

**دەلالانی بەر گاراژی شاری سنە**

**هاوار بکەن:**

**سلێمانی، سلێمانی!**

سەرچاوە: کتێبی زرەی زەنجیری وشە دیلەکان

# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





دوکتور: هێندێک جار پێت وایە خواردنت کەمە و ئیشتیات نییە؟
نەخۆش:بەڵێ دوکتور: کەی ئەو حاڵەتت هەیە؟
نەخۆش: ئەو کاتانەی کە تێر خواردنم خواردبێ.

ڕۆژێک بۆ تاقیکردنەوە بردە مەلەوانگەیەک بۆ ئەوەی کە بزانن ئەو شێتانە چەندە چاک بوونەتەوە. مەلەوانگەکە ئاوی تێدا نەبوو. هەموو شێتەکان خۆیان تێ هاویشت و دەست و لاقیان شکا جگەلە یەکێکیان. لێیان پرسی ئەی تۆ بۆ نەرۆیشتی؟ گۆتی ئاخر من مەلە نازانم.

کابرایەک سەگێکی نەقوستانی هەبوو، هەر کاتێک کە دز دەهات، سەگەکەی دەخستە فەرغوون و بە دوای دزەکەدا هەڵدەهات!

## فرۆشگای کەلوپەلی یارییەکان

**بووکە قژ زەردەکە:** خۆزگە کچێکی مێهرەبان منی بکڕیبایەو هەموو شەوێک قژی داهێنابام ولای لایەی بۆ گوتبام.
**ورچە نەرمۆڵەکە:** خۆزگە منداڵێکی هاروهاج منی بکڕیبایەو ئەوەندەی کایە پێکردبام تا چڵکنی بکردبام، بۆ ئەوەی دایکی بیخستبامە نێو لیباسشوورییەکەیانەوە.
**ماشێنە ڕەشە پۆلیسییەکە:** خۆزگە کوڕێک منی کڕیبایە، بۆ ئەوەی زوو زوو دەنگم لە خۆم دەرهێنابا.

**ماشێنە بچووکەکە:** خۆزگە کوڕێکی بچکۆلە منی کڕیبایە، بارهەڵگرەکەمی پڕ کردبا لە کەلوپەلی یاری



کردن و منیش بۆم هەڵبگرتایە.

**تفەنگە ئاوییەکە:** خۆزگە منیشیان بکڕیبایە، بۆ ئەوەی ئاوم بە منداڵە گرینۆک و جینگەنۆکەکان دا بکردایە. **تۆپە ڕەنگاو ڕەنگەکەش:** خۆزگە زوو بیان کڕیبام، بۆ ئەوەی ئەوەندە خلۆر بووبامەوە تا بمتوانیبایە هەموو جیهان ببینم.

**ئا: هانا وریا**



**منداڵە خۆشەویستەکان ئەم نەقاشییە بە دڵی خۆتان ڕەنگ بکەن**





ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
دەری دەکا.
www.Kurdistanukurd.com
سەرنووسەر: عوسمان بێورانی * دەستەی نووسەران: هانا وریا، باران، تریفە سادقی *
مۆنتاژو دیزاین: فریا ئەسپەندار
دنیای منداڵان

## بەهاری نیشتمان

سرووەی بەری بەیانی
پەیامی جوانی هانی
خورەی کانی و بەفراوان
گڤە وهاژەی شەتاوان
شۆرشی گوڵ لە هەرلا
موژدەی بەهاری هێنا
پەپوولەی پڕ خەت و خاڵ
ئەفرن لەم یاڵ بۆ ئەویاڵ
کوڵمی گوڵان ماچ ئەکەن
نیشتمان ئاوا ئەکەن
زیندەوەری ئەم ناوە
خەو لە چاویان زراوە
هاوڕێ ئەگرن بۆ یاری
لە مێرگ ودەم رووباری
منداڵ و کیژو کاڵان
هاوڕێی تێکرای منالان
شادو دەم بە پێکەنین
هاتوون لە بۆ گوڵچنین
ئەڵێن ئەم کوردستانە
یادگاری باپیرانمانە
خوایە بمێنی بۆمان
ببێ بە چەتری سەرمان

ن: حەقبین

## کوردستانمان شیرینە

کوردستانمان شیرینە
خاک و ئاوی زێڕینە
شاخ و دۆڵی بەفرینە
لە سەر ڕووی ئەم زەمینە
ئاوی گەلێ سازگارە
هەوای خۆش و لەبارە
خاوەن گەلێ ناودارە
لە ناو جیهاندا دیارە
خوایە هەر ئاوەدان بێ
جێگەی خۆشی و سەیران بێ

دیاری: خانی سۆفی

## مەتەڵ

دەیکوژمەوە خوێنی نیە، کەوڵی دەکەم چەرمی نیە.

***

هەشتی لاقە، چواری چاوە، پشتی دارە و پاشی پیاوە.

***

لە ڕووی دەری مەلایە، لە ژووریش دا حاجییە.

***

سێی لە سێبەری، دوویان لە تاوی.

ئەم منداڵە خۆشەویستانەش وەڵامی دروستی مەتەڵەکانی ژمارە ١٠٦ ی دنیای منداڵانیان داوەتەوە.
**١. ئەسرین قوبادی ٢. کۆسار فتوحی ٣. ئەوین بامرادی**

**منداڵە خۆشەویستەکان!**

بۆ ئەم ژمارەی گۆڤارە خۆشەویستەکەمان واتە دنیای منداڵان، باسی سکچوون دەکەین. بزانین سکچوون چیەو چ ئاسەوارێکی خراپ لە سەر جەستەی ئێمە دادەنێ و تا چەندە مەترسیدارە؟

سکچوون بە تەنیا نەخۆشی نیە، بەڵکو یەکێک لە نیشانەکانی چەندین نەخۆشی یە کە تووشی کۆئەندامی هەرس و بەشەکانی دیکەی لەش دەبێ.

مرۆڤێکی ئاسایی زۆر بە کەمی رۆژی لە جارێک زیاتر دەچێتە سەر ئاودەست بۆ پیسایی کردن، هەرچەند جۆری خواردنەکان کاریگەریی لەسەر چوونە ئاودەست دادەنێن و ئەگەر نەفەرەکە لە رۆژدا شتی ئاوەکی و سەوزە و میوەی زۆری خوارد یان خواردنەکەی چەور بوو، ئەوە سروشتی یە، رەنگە رۆژی تا دوو جار کاری پیسایی بکا، ئەویش پیسایی یەکەی نە زۆر توندە و نە زۆریش شل. بەڵام ئەگەر لەوە زیاتر بێ و هەروەها پیسایی یە کەی زۆر شل بوو ئەوە پێی دەڵێن سکچوون، کە گەلێک هۆکاری جۆراوجۆر و جیاوازی هەیە وەک ڤایرۆسەکان، بەکتریا، کەڕووەکان و هێندێک لە کرمی نێو ریخۆڵەکان. دیارە ئەم هۆکارانە لە وەرزی هاوین لەو وڵاتانەی کە گەرمێن دێتە پێش کە بە سکچوونی هاوینەش بە نێو بانگە واتە کە لە وەرزی هاوین دا بوو پێی دەڵێن سکچوونی هاوینە.

منداڵە ئازیزەکان!

هەمیشە منداڵان زیاتر لە بەردەم مەترسیی نەخۆشییەکاندان تا گەورەساڵان. کەواتە بۆ سکچوونیش تا تەمەن لە خوارەوەتر بێ مەترسی‌یە کەی زیاترە، مەترسی لە سکچووندا لە دەست دانی ئاو و خوێنی لەشە، چونکە کەم بوونەوەی ئاو و خوێ لەش بڕی خوێن لە لەش دا کەم دەکاتەوە و خوێنەکە خەستر دەبێ و بۆ هەموو بەشکانی لەش ناچێ و لەوانەیە گورچیلەکان باش کار نەکەن و بڕی میزکەم دەبێتەوە و ئەگەر زوو چارەسەر نەکرێ، گوەچیلەکان لە کاردەکەون.

لە کاتی تووش بوون بە سکچوون هەوڵ بدەن شتی ئاوەکی و شلەمەنی زۆر بخۆنەوە تا قەرە بووی ئاوی لەشتان بکرێتەوە ولەبیریشتان نەچێ کە بچنە لای پزیشک و ئەو دەرمانانەی کە بۆی دانان بە رێک وپێکی بیانخۆن.

ئەگەرچی دەرمان بۆ خۆی تاڵ و ناخۆشەو دەرمان خواردن خۆش نیە، بەڵام بۆ ئەوەی زوو نەخۆشینەکەمان چاک ببێتەوە و تووشی کێشەی گەورەتر نەبین دەبێ دەرمانەکان بخۆین و بە قسەی پزیشکەکان بکەین.

**ن: سید جەلال ساڵحی**

## جیاوازییەکانی ئەم دوو وێنەیە ببیننەوە





# هاوڕێ بە

هاوینی ئەو ساڵە زۆر گەرم بوو بە شێوەیەک کە ئاوی ڕووبارەکان وشکی کرد و زەوی زەرد بوو هەروەها گوڵە جوانەکانیش سیس بیوون. هەنگەکان شیلەی گوڵیان دەست نەدەکەوت تا هەنگوینی لێ دروست بکەن.

شاژنی هەنگەکان هەموو هەنگەکانی کۆ کردەوەو پێی وتن: پێویستە هەنگە بەتواناکان ڕای خۆیان بڵێن، بۆ ئەوەی لەم پارچە زەوییەی کە خەریکە دەبێتە بیابان لە ناو نەچین.

یەکێک لە هەنگەکان وتی: شاژنی



من، لە پشت گردە سەوزەکە کێڵگەیەکی پڕ گوڵ هەیە.

هەنگێکی تر: جگە لە ماندوو بوونێکی زۆر لەوانەیە نەتوانین بگەینە جێی مەبەست.

شاژنی هەنگەکان وتی: هەنگەکان ئێوە ڕاست دەکەن بەڵام پێویستمان بە ڕێگاچارەیەکە. پاسان هەنگێکی بچکۆلە کە بە "هەنگە زێرینە" بەناو بانگ بوو وتی: شاژنی من هیچ ڕێگا چارەیەکمان نەماوە تەنها ئەوە نەبێت خۆمان و شانەکانمان بۆ دەورووبەری گردەسەوزەکە بگوازینەوە.

هەنگەکان زۆر سەرسام بوون بەم بیرۆکەیە، بۆیە لە خۆشیدا بە باڵیان چەپڵەیان لێ دەداو دەیان گوت: ڕێگاچارەیەکی گونجاوە.

هەنگێک پێی گوت: ڕاستە ئێمە دەتوانین بڕۆین بۆ لای گردە سەوزەکە بەڵام ئەی شانەکانمان؟ هەنگێکی تر لەو لاوە گوتی : وایە، کێ شانەکانمان بۆ بگوازێتەوە؟لە کاتێکدا کە هەموو ئاژەڵانی دارستان لە پێوەدانی چزوەکانمان دەترسن.

هەنگی زێرین پێی گوتن: ورچە تورەکە بۆمانی دەگوازێتەوە.

پێش ئەوەی هەراوهوریا بەرز بێتەوە شاژن هەموانی بێدەنگ کرد، بە زەردەخەنەوە بە هەنگە بچکۆلەکەی گوت: ئایا شێت بوویت هەنگی زێرین؟ نازانی ئەو دوژمنی گەورەی ئێمەیە؟ چۆن پێشنیارمان پێ دەکەیت کە شانەکانمان بۆ بگوازێتەوە.



هەنگە بچکۆلانەکە وەڵامی دایەوە: هەرچەندە پێشنیارەکەم بە ڕەواڵەت شێتانە دیارە، بەڵام بە تەواوی هۆشمەوە خستمە بەردەم ئێوە.

شاژن گوتی: بەڵام چۆن؟ ئادەی بۆمانی روون بکەوە.

هەنگە بچکۆلەکە گوتی: وەک زانیومە رقی ئێمە بەرامبەر بە ورچە تووڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ هێرش کردنی ئەو بۆ سەر شانەکانمان و دزینی هەنگوینەکەمان. لە بەر ئەوە ناومان لێ ناوە وررچە تووڕە، و کەوتوتە سەر زاری هەموان لە دارستانەکەدا. بەڵام بە باوەری من ئەو پەلاماری ئێمەی هەنگ نادات بەڵکوو ئارەزووی هەنگوینەکەمان دەکات. بۆیە پێویستە گفتوگۆی لە گەڵ بکەین و بەڵێنی پێ بدەین گەر شانەکانمان بۆ کێڵگە تازەکە بگوازێتەوە,

جار بەجار بەشێک لە هەنگوینەکەمانی دەدەینێ، هەروەها لەمە بەو لاوە چیتر پێوەی نادەین.

هەنگەکان ژاوەژاوی خۆشییان لێ بەرز بۆوە و چەپڵەیان لێ دەدا....

شاژنیش گوتی: ئەی ئافەرین هەنگی خنجیلانە! بە ڕاستی تۆ لە نەوەیەکی ژیریت! دەستبەجێ کار بۆ هێنانەدیی پێشنیارەکەت دەکەین. لە گەڵ هەڵ هاتنی خۆر کۆمەڵێک لە هەنگە ژیرەکان بەرەو ماڵی ورچە تووڕەکە بەڕێ کەوتن. شاژن سوور بوو لە سەر ئەوەی هەنگە زێڕینەکە سەرکردەیان بێت.

هەنگەکان بە سەر ورچەکەوە دەفرین گیزە گیزێکی بە هێزیان نایەوە بۆ ئاشکرا کردنی گەیشتنیان، ورچەکە لێیان ترسا، وایزانی وەک جارانی پێشوو هاتوون پێوەی بدەن،



بۆیە بە تووڕەییەوە هاواری کرد: ئەم تۆڵە سەندنەوەی ئەمڕۆ مانای چییە؟ ماوەیەکی زۆرە تامی هەنگوینی ئێوەم نەکردوە!

هەنگی زێڕین چووە بەردەم ورچەکەو گوتی: سڵاوت لێ بێت ورچە تووڕە!

ئەم وشەیە ورچەکەی هێور کردەوەو گوتی: فەرموون، بزانم چیتان دەوێت؟ هەنگە زێڕینەکە بەسەر هاتی خۆیانی بۆ گێڕایەوە، لە وشک بوونی ڕووبارەکان و لەناو چوونی گوڵەکان، کە ئەمەش وای لێکردون بیر لە گواستنەوەی شانەکانیان بکەنەوە بۆ پشت گردە سەوزەکە کە لەوێ ئاو و سەوزایی و گوڵی لێیە.

ورچەکە بە دەنگە گڕە بە هێزەکەی گوتی: جا وادەزانن من لەم وشکی و بێ ئاوییە بەرپرسم، کە بە هەمان شێوە منیشی گرتوتەوە؟!

هەنگەکە بە دەنگێکی دۆستانەوە گوتی: ئەی ورچی باش دەمانەوێت بە گورج و گۆڵیی خۆت شانەکەمان بۆ بگوازیتەوە، لە بەرامبەر ئەم کارە چاکەش بەڵێنت پێ دەدەین کە بڕێک هەنگوینت پێشکەش بکەین. ورچەکە بەم قسانە دڵخۆش بوو و گوتی: بە ڕاستی ئەمە بیرۆکەیەکی باشە...واتە لەمەولا چیتر بەمنەوە نادەن؟

هەنگە زێڕینە:بێ گومان، بێ گومان!

ورچەکە: من ڕازیم، بەڵام مەرجێکم هەیە...

هەنگەزێڕین گوتی:ورچە تووڕە! چاو چنۆک مەبە! هەنگوینت دەدەینێ و لە چزووەکانمان بە دووردەبیت... لە مە زیاتر چیت دەوێت؟

ورچکە گوتی: داواکارییەکی ورەبەخشە. باشە چییە؟ لێت



دەپرسم:پێش ئیستا بە چ ناوێک بانگت کردم؟

هەنگەکە بە شەرمێکی زۆرەوە گوتی: ورچە تووڕە! ورچەکە بە تاڵییەوە وەڵامی دایەوە:

ئەم ناوەی لە منتان ناوە بۆتە هۆی ئازارو بێزاری بۆ من .. هەموو ئاژەڵانی دارستانەکە گاڵتەم پێ دەکەن و بە کەمم دەزانن، لە هەموو جێیەکیش بە ڕوومدا دەدەنەوە!

هەنگەکە لێی پرسی: ورچە باشەکەی دارستانەکەمان حەز بە چ ناوێکی خۆش دەکەیت تا ناوت لێ بنێین؟ ورچەکە بە دەنگێکی ناسک گوتی: با لەمڕۆوە "خۆشەویست" ببێتە ناوی من، " ورچە خۆشەویستەکە" جا پێکەوە دەبینە هاوڕێی هەتا هەتایی.

**ئا: باران**

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ١٣٩٠/٢/٨ ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی نەورۆزو سەری ساڵی نوێی کوردی و جێژنەکانی ڕاپەڕین بە بەشداریی مامۆستایان و قوتابیان و ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خوێندنگەی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا مامۆستا " نەبەز ئەکرەم عەبدوڵلا" بەڕێوەبەری خوێندنگای ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و پاشان چەندین بڕگەی پێشبڕکێی زانیاری وگۆرانی و نوکتەو قسەی خۆش لە لایەن قوتابیانەوە پێشکەش کرا، لە دوا بڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا قوتابیان و مامۆستایان بە هەڵپەڕکێی گشتی ڕێوڕەسمەکەیان ڕازاندەوە.

شایانی باسە کە ئەم ڕێوڕەسمە نزیک بە ٣ کاتژمێری خایاند.








## دیدارێک لەگەڵ قوتابییەکی سەرکەوتوو

بەشی سریانیی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر خەڵاتی ڕێزلێنانی ساڵی ٢٠١١ ی خۆی لە قوتابخانەی هەرموتەی کۆیە بە موکریان چووکەڵی، قوتابیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی.

دنیای منداڵان بەم بۆنەیەوە ئەم



وتوێژەی لەگەڵ موکریان پێکهێناوە.

- **دنیای منداڵان:** خۆت بە کورتی بناسێنە؟

- **موکریان:** من ناوم موکریان چووکەڵی یە، لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٧لە شاری کۆیە لەدایک بووم. باوکم خەڵکی بۆکانە ودایکم سەقزی، بە هۆی کاری سیاسی ڕوویان کردۆتە باشووری کوردستان. ئێستاش لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی هەرمۆتەی بنەڕەتی دەخوێنم.

- **دنیای منداڵان:** سەبارەت بەو خەڵاتە کە وەرتگرتووە کەمێکمان بۆ باس بکە؟

- **موکریان:** من هەرلە سەرەتاوە کە چوومە قوتابخانە لە پۆلی یەکەوە باشم خوێندوە و هەوڵیشم داوە کە باشتر بخوێنم. ئەم ساڵیش لە سەرەتای دەسپێکردنی قوتابخانەوە باشم دەست پێ کرد ولە کۆرسی یەکەم بە یەکەم دەرچووم، و لە دوای ئەوەش هەر بە باشی درێژەم بە خوێندن دا. ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٠ ئاگادار کرام کە من لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە خەڵات کراوم بۆیە هەر ئەم ڕۆژە دایکم و باوکمیان ئاگادار کردوەوە کە بێنە قوتابخانە، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت دا لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانە ئەو خەڵاتە کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەشی سریانی نێردرابوو دایان بە من، ئەو خەڵاتە زیاتر هاندەرم بوو بۆ ئەوەی لە داهاتوو دا لە بواری خوێندن زیاتر بەرەو پێش بچم.

- **دنیای منداڵان:** لە سەرکەوتنەکانت دا کێ هاندەرو پشتیوانت بووە؟

- **موکریان:** دایکم و باوکم و مامۆستاکانم هاوکارییان کردووم بۆ ئەوەی ببم بە قوتابیەکی سەرکەوتوو، هەروەها بۆخۆم بە پێی بەرنامە کارم کردوە.

- **دنیای منداڵان:** بۆ ئەوەی منداڵانی دیکەش وەک تۆ سەرکەوتوو بن چ قسەیەکت بۆیان هەیە؟

- **موکریان:** هیوادارم هەموو منداڵێک بە باشی بخوێنێ چونکە خوێندن تاکە ڕێگایە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان. هیوادارم هەموو منداڵێک سەرکەوتووبێت لە دەرسەکانی و سەری دایک و بابی بەرز بکات. منداڵان دەبێ بۆ دەرسەکانیان بەرنامە دانێن و کاتێک لە قوتابخانە گەڕانەوە یەکسەر ڕوو نەکەنە کوچەو کۆڵانەکان و بە پێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆخۆیان دایان ناوە کار بکەن. دوای ئامادە کردنی دەرسەکانیان پێوشوێنی یاری کردن بکەون.

- **دنیای منداڵان:** لە ئاخردا چ پەیام و قسەیەکت هەیە بۆ دنیای منداڵان؟

- **موکریان:** زۆر سوپاسی دنیای منداڵان دەکەم کە منیان بە سەر کردەوە و هیوادارم هەروا سەرکەوتوو بن، چونکە دنیای منداڵان بەڕاستی سوودی



زۆری هەیە و زانیاریمان دەداتێ. ئاواتەخوازم هەموو منداڵێک سوودی لێ وەربگرێت. من بەش بە حاڵی خۆم هەموو ژمارەکانی دنیای منداڵانم هەیەو لە کاتی خۆی دا کەڵکیان لێ وەردەگرم. دنیای منداڵان دەبێ زیاتر بابەتی فێرکردن و ڕینوێنی بۆ منداڵانی تێدا بێت، دنیای منداڵان دەبێ لە نێو منداڵان بە شێوەیەکی چالاکتر خوی دەر بخا.

## بەسەرهاتی ڕێوی زۆربلێ

ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نێو دارستانێکی گەورەدا هەموو گیانلەبەران پێکەوە زۆر دۆستانە ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام سێ دانەیان (ڕێوی و ئاسک و پەنگوئێن) زۆر زۆر پێکەوە هاوڕێ بوون.

ڕۆژێکیان پەنگوئێن و ئاسک بڕێک میوەیان دۆزیبۆوە و بڕیاریان دا کە بیشارنەوە و بە کەس نەڵێن کە ئەو برە میوەیەیان دۆزیوەتەوە. لە ڕێگایە کە پێکەوە دەڕۆیشتن زۆر دڵ خۆش بوون و لەو کاتەدا تووشی ڕێوی بوون.

ڕێوی کە دیتی ئەوان زۆر دڵ خۆشن لێی پرسین ئەوە بۆ ئاوا دڵ خۆشن؟ ئەوان بە ڕێوییان گوت: ناتوانین هۆیەکەیت پێ بڵێین و ئەوە نهێنییە. بەڵام ڕێوی زۆر پاڕایەوەو بەڵێنی دا کە لەلای کەس باسی ئەو نهێنییە ناکا. ئەوانیش پێیان گوت: کە بڕێک میوەیان دۆزیوەتەوە.

کاتێک کە هەر سێکیان گەیشتنە ئاوایی، ڕێوی بەڵێنەکەی لە بیر چۆوەو نهێنییەکەی لەلای هەموو گیانلەبەرەکانی دیکە درکاند.

کاتێک کە پەنگوئێن و ئاسکەکە چوونە ئەو جێگایەی کە میوەکەیان لێ حەشار دابوو دیتیان کە هیچی لێ نەماوەو هەموویان خواردوە.

هەر ئەو ڕۆژە پەنگوئێن و ئاسک دیسان بڕێک خواردنی دیکەیان دۆزیبۆوەو هەر وەک جاری پێشوو تووشی ڕێوی بوونەوە بەڵام زۆری لێ تووڕە بوون بۆیە بڕیاریان دا کە ڕێوی سزا بدەن.

ڕۆژی دواتر بە ڕێوییان گوت:



کە چۆمێکیان دۆزیوەتەوە پڕە لە ماسی و زۆریش بە ئاسانی دەتوانن ماسییەکان بگرن. ڕێوی دیسان چوو هەموویانی ئاگادار کردەوە کە ئەوە لە چۆمی شتێکی ئاوا هەیە.

دوای چەند ڕۆژ ڕێوی تووشی هاوڕێکانی بوو بەڵام ئەو جارەیان هەموو گیانی بریندار ببوو.



ڕێویی داماو دوای ئەوەی کە هەواڵی چۆمەکەی بە گیانلەبەران دابوو تێکرا چووبوونە سەر چۆم بۆ گرتنی ماسی، بەڵام کە زانیبوویان درۆی کردوە بە هەموویان لێیان دابوو.

لەو کاتەوە ڕێوی تێگەیشت کە دەبێ نهێنی پارێز بێ و ئەگەر بیهەوێ هاوڕێکانی بڕوایان پێی هەبێ دەبێ ئەو بەڵێنەی کە پێی داون نەیشکێنێ.

پەنگوئێن و ئاسک جارێکی تر ڕێوییان بە تاقی کردەوە، بەڵام ئەوجارەیان ڕێوی بەڵێنەکەی بردە سەرێ و ئەوانیش بۆ جارێکی تر بڕوایان بە هاوڕێکەیان کردەوەو نهێنییەکانیان پێ گوت.

**وەرگێڕانی: دایکی نارین**

# وڵاتەکەمان بناسین

## «سەحنە»

سەحنە یەکێک لە شارستانەکانی پارێزگای کرماشانی سەر بە رۆژهەڵاتی کوردستانە کە دەکەوێتە ٥٠ کیلومیتریی رۆژهەڵاتی شاری کرماشان. ئەم شارستانە لە باری هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە لە باکوورەوە لە گەڵ شارستانی سونقۆر، لە باشوورەوە لە گەڵ شارستانی هەرسین و شارستانی نوورئابادی لورستان، لە رۆژهەڵاتەوە لە گەڵ شارستانی کەنگاوەر و لە رۆژئاواوە لە گەڵ کرماشان سنووری هاوبەشی هەیە.

رووبەری جوغرافیایی شارستانی سەحنە ١٦٢٠ کیلومیتری چوارگۆشەیە. ئەم شارستانە لە دوو بەخشی "دینەوەر" و بەخشی ناوەندیی "سەحنە" و ٧ گەورە دێ



( دهستان) و ١٩١ دێ پێک هاتوە. بە پێی ئامارەکان ئەم شارستانە نزیک بە ٨٥٠٠٠ کەس حەشیمەتی هەیە.

خەڵکی شارستانی سەحنە بە دوو زاراوەی " کەلهوڕی و لەکی" قسە دەکەن، لە سەدا ٧٠ ی خەڵکی ئەم شارستانە موسڵمانی شیعە مەزهەبن و لە سەدا ٣٠ یەکەی دیکەشی یارسانن.

شاری سەحنە ١٤٠٠ میتر لە دەریا بەرزترە و ئاووهەوایەکی ساردو کوێستانی هەیە و لە وەرزی زستاندا لەم ناوچەیە سەرما تا ٢٥ پلەی سانتیگراد ژێر سیفر دادەبەزێت.



لەم ناوچەیە دوو شاخی بەرزی "کۆڵەسەر" و "هەژیر" هەڵکەوتوون کە بوونەتە سەرچاوەی ئاوی چۆمی گاماسیاو و چۆمی دینەوەر و سەراوی سەحنە و سەدان کانی و سەراوی گەورەو بچووکی دیکە.

شارستانی سەحنە بە هۆی زۆر بوونی سەرچاوەی ئاو و زەوییە کشتوکاڵی و باخەکانییەوە کە ساڵانە بە رێژەیەکی بەرچاو گەنم، جۆ، گوڵەدان، سێو، ترێ، شێڵانە، گوێز، گێلاس و هەرمێ لەم ناوچەیە بەرهەم دەهێنرێت وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەندی کشتوکاڵی و باخداری لە ناوچەکە بە ئەژمار دێت.

سەرچاوەی بژێوی ژیانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچەیە کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵدارییە.

ئامێری تەمویرە (تەمبوور) لای خەڵکی ئەم ناوچەیە پیرۆزە و لە زۆربەیماڵەکانی ئەم ناوچەیە ئەم ئامێرە هەیە، خوالێخۆشبوو "سەید خەلیل عالی نژاد" تەمویرە ژەنی بە ناوبانگی کورد خەڵکی شاری سەحنەیە.

هەروەها چەندین ئاسەواری مێژوویی و شوێنەواری سروشتیی جوانی وەک: دەخمەی گەورەی دەربەند، دەخمەی بچووکی دەربەند، شاری مێژوویی دینەوەر، قەڵای هەژیر، قەڵای مەروانی کەنوولە، پردی مێژوویی میانڕاهان، پردی مێژوویی دینەوەر، گۆڕی بەردینی کەیکاووس، بۆقعەی نووربەخشی کەنوولە، تەختی تەیموور، کاروانسەرای عەبباسی، حەمامی مێژوویی پاچەمەن، سەراوی سەحنە، تاڤگەی دەربەندی سەحنە، ئەشکەوتی سەی شەهاب، ئەشکەوتی حاجیی دینەوەر، سەراوی بیدسورخ، حەوت سەراوی قەڵای مەروان و........ لەم ناوچەیە بوونەتە هۆی ئەوەی کە شارستانی سەحنە وەک ناوچەیەکی گرینگی ئاسەوارناسی و توریستی بە ئەژمار بێت.

ئا: کانی وایان

Kurdistan

# وێنەو نەقاشییەکانتان لە دنیای منداڵان دا





کوردستان پور سەعید



کانی عەبباسی



کاروان عەبباسی



سوران و کۆمار



ژوران و ژیلا حسن زادە



شیبا سەردار و شازیار سەرباز



رۆژیار سەردار



شەوگەرد باختە



ئاگرین،نیان،شیلان بداغی



ئارتین ئاهەنگەری



ژوان سەدەفی



هاموون مستەفا



فرمێسک شەفیعی



دەریا فایەق



شەقایەق ئیبراهیم پور



خانی سۆفی



تەرزە موزەفەر



رەوەند فەلاحی